ڕێگای کوردستان
دووشەممە 15ی نیسان (ئەپریل) ی 2002 ژمارە (498) ساڵی (57)

دناڤبەرا بێ دەنگی یێ و خواستنێدا

بەرەڤان گوهەرزی

ژ ئەگەرا ڕەفتار فاشیانەییێت ئێك ل دویف ئێکێن ڕژێما بەغداو ئەنفالا ڕەش یا داخ ل دلا ل ناڤا جەرگێ مللەتێ مە یێ کورد پەیدا کری و ب هزارەهان گوندێن کوردستانێ هاتینە سوتن و مال و ملکێ وان هاتییە ب جهـ هێلان و هند ژ وانا کەفتینە دناڤا زینداناداو ئۆردیگاییێن ب خورتی چێکری بێن وەکو بە حرکێ و هندژی کەفتینە دبنێ زینداناداو هندەك ژ واناژی هەتا نهۆ بێت بێ سەرو شوێنن و بارا پترژی ژ خەلکەکی نەخاسمە ئەوێت ل نێزیکی توخیبێت تورکیاو ئێرانێ هەوادا خو برە دناڤا ئەوان وەلاتان داو کەفتنە بەر رەحما پستالێت ڕەشێت جەندرمێت ڕژێما تورکیا یا تورانی و پاسدارێن ئێرانی و دتێ وەرکرنا تێلدراو ئێخستنا وان د ناڤا ئۆردوگایاداو ل ژێر زێرەڤانییەکا توند و دژواردا و وەکو کەسێن گونەهبار سەرەدەری دگەلدا داهاتەکردن و خەلکەك ژی شیا ول بەر خو بگریت و ئەوان نەخۆشی و تەعداتییا داعوییریت هەما ژ زۆلم و زۆرداری و ڕەفتار فاشیانەیا ڕژێما بەغدا قورتال بن ب هەر حال ئەڤرۆ و سوبەهی ئەڤرۆ و سوبەهی ژ ئەگەرا پیتگاڤەکادی یا دژمنکارانە کو کارو کریارێن ڕژێمێ بەردەوام هەر ئەو بویە دەست ب سەر کوێتیدا گرت و داگیر کر، ئەڤ چەندە ژی یا دویرە ژ کارو کریارو یاسایێن نێڤ نەتەوەیی، ئەو بوو ئەمریکا بریارەك دەرئێخست کو ڕژێم هێزێت خو دەمەکێ دەست نیشان کری ژ کوێتی ڤەکێشیت، بو دەمەکێ دەست نیشان کری بەلێ ڕژێما عێراێ پیگیری ب ئەڤێ بریارێ نەکر، ل دەمی پێگیری ب بریارا نەتەوەیێن ئێکگرتی نەهامەتییە کرن ئەونا پەنایا خو برە بەر هێزێن لەشکری و لە شکرێ ڕژێما عێراقێ ب هەمی لایەکی ڤە کەفتە بەر ئاگرێ کوژەکێ هێزێن نەتەوەیێن ئێکگرتی و هەڤپەیمان ڤەو لەشکرێ عێراقێ نەشیا خو بەر ئەوان هێرشا بگریتن و هەر بلەز ئاخا کوێتی ب جهـ هێلاو ڤەگەریا دناڤ ئاخا عێراقێدا پشتی چەندەها زیانێن گیانی و مالی ب لەشکرێ عێراقێ کەفتین و ئەڤ ڕەنگێ شکستنا لەشکری بو شکستنەکا سیاسی یا ڕژێما عێراقێ، ئەو لەشکرێ ڤە گەریایەڤە دناڤا عێراقێداو دگەل ئەوێ بەری هنگی هەر دناڤا عێراقێدا ژ ئەگەرا داخ ل دلیا وانا ل دام و دەزگەهێن ڕژێمێ زڤرین و سەرهەلدانێن جەماوەری دگەل لەشکری هاتنە دەست پێ کردن و چەندەها باژێرێن مەزن بێن ژێری یا عێراقێ هاتنە دەست ب سەردا گرتن و ل کوردستانێ ڤی سەر هلدان هاتنە دەست پێ کرن و هەمی پارێزگەهـ کەفتنە ل ژێر کونترولا هێزێن بەرەیێ کوردستانی ڤە و دام و دەزگەهێن ڕژێمی ل کوردستانێ هاتنە ڕامالین و بەلێ جەلەبا هێزێت لەشکرێ ڕژێما عێراقێ هاتەف بەردان و هێرش کرنەف سەر کوردستانێ و کوچ ڕەوا ب هەڤەکی و ملیونی هاتەکردن و خەلکی کوردستانێ ئەڤێ جارێ یێ باژێراژی هاتە ڤەگرتن و دەربەدەری تورکیاو ئێرانێ بوونەڤە، بەلێ ب بریارەکا نەتەوەیێن ئێکگرتی جارەکادی ئەڤ خەلکە زڤری ڤەف سەر مال و ملکێت خۆ و عەردێ باب و باپیران و، هەرێما کوردستانێ کرە دەڤەرکا رزگارکری و کەفتە ل ژێر پاراستنا هێزێن نەتەوەیێن ئێکگرتی و هەڤپەیمان و خەلکێ گوندان ژی زڤرینەڤ سەر کاڤلێت گوندێ خو بێت کو بەری چەندەها سالان هاتینە هەرفاندن و دتێك دان و سوتن و قەلاندن بو جارەکادی شنویکا ژیانا خو ل سفرێ دەست پی کرەڤە و ب چەنگ و نینۆك و ب کەددا ملێت خو هەتا ئاژەل و گیان لە بەرژی نەبوون کو هندەك کارێ دانا بو بهێتە سڤك کردن، بەلکو ئەوانا کارێ گیان لە بەرازی دکر وەکی کیلان و کولانا عەردی و ڤەکێشانا بەرهەم و دەرامەتێ خوە یێ کو ب کوتەکی ب سالانە ژین و ژیارا خوە پێ دبرە سەر، بەلێ خەلکێ مە ب ژین و ژیارا زۆر یا ب زەحمەت پێ خۆشتر بوو ژ وی سەرو بەرێ ل دەربەدەریێ ب ڕۆژانە چەندەها جاران دکەفتنە بەر هندەك قەسەو گوتن و ترانە پێ کرنێت ئەوان وەلاتان، ئەو خەلکێ گوندان ب تایبەت ئەوێت هەر ل سالا 1991 ێ زڤرییەڤە سەر گوندێن خو زۆر نەخۆشی دیتن و ب درێژاهیا ژیانا خو ژین و ژیارا وان هەر نەخۆشی بوویە، ل دەمێ ڕژێمێ ژی هەر بێت دویر بوونە ژ هەمی ڕەنگێت خزمەتگوزاریێ هەر ژ خواندنگەها نەخۆشخاناو کارەبێ و دروست کرنا شەقاماو خەلکێ ئەوان گوندان ژ ئەوان کەسان بوونە ئەوێن کو هەردەم بێت ئامادەبوون ب هەر چی ڕەنگ بیت هاریکارییا هێزێن پێشمەرگەی بکەن بێت هەمی پارتێت کوردستانی و عێراقی ب بێی جودایی و، ئەوانا ئەو هزر نە دکر کو ئەو یێ خزمەتا پێشمەرگەی دکەن بەلکو ئەوانا هزر دکر کو ئەو یێ خزمەتێ بو خو دکەن ژ بو کو ئەوژی دپاشە ڕۆژێدا بەرهەمێ ئەوێ زەحمەت و کێفەراتا خوەو بەرهەمێ ماندی بوون و وەستیانا خو ب بینن و تام کەنێ. گوندێ گوهەرزێ ژی ئێك بوویە ژ ئەوان گوندێن هەردەم دگەل ئەوان گێژگەڤانکاو هەرەبایا بوویە ئەوێن ب سەر گەلێ مەدا هاتین و مال و ملك لێ هاتییە سوتن و ستویی خو بو ڕژێمێ نەخوار کری و ڕەفتار فاشیانە بێن وێ هەردەم ڕەت کرینە و دەر بەدەری تورکیاو ئێرانێ بوون وەکو ب هزارەها گوندو خەلکێ کوردستانێ، و ل دەمێ خەلکێ ئەڤی گوندی ل سالا 1991ێ ژ ئێرانێ و تورکیا ڤەگەریانیەڤە هەمیا بخو بو خو دەست هاڤێتە خانییاو ژ تەڤنێ و بەرا دروست کرن و ب دەست کورتیێکا زۆر یا بەرتەنگ و هێدی هێدی و ڕۆژ بو ڕۆژێ ژیانا خوە بەرەف باشتر لێ دکر وەکو هەڤبەری کرتەك دگەل ژینا بەری هنگی داو ل دەست پێکی، هەتا کو ڕێکخراوێن بیانی بێت خێرخواز ل هانا خەلکێ گەلێ مەیێ هەژار هاتین و دەست هاڤێتییە هندەك پروژاو ئاڤا کرنا گوندان یان ژی دروست کرنا هندەك خانییان بو هندەك ئەوان گوندێن دەستێ هاریکارییێ و خزمەتگوزارییێ و ئاڤەدانکرنێ و دگەهشتێ، ئەو ڕەنگێ خانییان ژی ب ڕەنگێ بێت (الگواری) بوون، ئەوخانی ڕاستەیێ ژ چیمەنتۆ هاتینە دروست کردن و بەلێ بتنێ دیوار هاتنە ئاڤاکرن و تشتێن دی هەمی هێلان ب هیڤا خوداناڤە و خەلك ژی مەجبور بوو کو هەمی کێم و کاسییێن دی بو خو چارەسەر بکەتن، ئەڤ ڕەنگێ دروست کرنا خانییان بو د ئەوی سەردەمیدا زۆر بێت باش بوون چونکو ئەو گوند ژ ڕەنگێ مرنێ و نەمانێ هاتنەڤەف ژیاندن هەرچەندە خودانێت وان ماندی بووەنەکا زۆر بە ئەوان خانییان ڤە دبرن نەخاسمە لە وەرزێ زڤستانی هەر ژگێڕانێ و بەفر مالشتنێ و دلوپا و تەربوونێ و زێدەباری بەردەوام وەریانا ئاخێ و تۆزێ و خەلکەکێ کێم دەرامەت و هەژار هەتانهو یێ ب ئەوی ڕەنگی دژیت و ژیانا خو دەبەتە سەرو ژنیك وی وەرە ب هەرچی ڕەنگی ژینی بژیتن هەما خوشە چونکو ب درێژاهیا ژینا خو هەر بەردەوام یێ ب نەخۆشی و دەست کورتی ژیای.

تشتێ هەرە گرنگ و پێتڤی ل ڤێرە بهێتە گوتن ئەو کو ل دەمێ هەمی گوندێن کوردستانێ ئەوێن پی چیبۆنێن خزمەتگوزاریێ گەهشتینێ هەمی هاتنە ڤەژاندن و ئاڤاکرن و خەلکەکی ماندی بوون و زەحمەتەکا زۆر یا مەزن بر هەتاکو ئەو گوند گەهشتینە ئەوی ئاتی کو ڕێکخراوێن خێرخوازێن بیانی ژی قەستا ئەوان گوندان بکەن، بەلێ تشتەکێ سەیرو سەمەر ئەوبوو کو ل بەری (2-3) سالەکا تازە خەلکەك ژ ئێرانێ ڤەگەریاڤە و ئەو ڕەنگێ خەلکی بوو کو نە دڤیان بزڤرتەڤە بو کوردستانێ و بەلێ هەر دگەل گەهشتناوان بو هەر ئێك ژ دەڤەرا وی هەر ئێکسەر (10) دینار هاتنە مەزاختن بو هەر سەرەك خێزانەکێ و هەر سەر خێزانەکێ ژی هەر چی جهەکێ ڤیابیت خانییەکێ هەڤچەرخ یی بوهاتییە ئاڤاکرن یان ژی ل بەرامبەر بهایی خانیەکی پارە بێت هاتینە مەزاختن، مافێ هەر کەسەکییە ل سەر ڤێ چەندێ ڕاوەستیت و پرسیاری بکەتن ئەرێ بوچی بەرێ خودان و بو ئەوی خەلکێ ل دەست پێکی هاتی و ب دەست کورتی ژین و ژیارا خوە بوراندی و دهندەك خانییێت هەماییێت لەزی و نەچارێ بێت بو هاتینە ئاڤاکردن و بو هندەك ئەوێت ب کوتەکی و زۆری و ل ڤان دویمهیان هاتینە کوردستانێ نوێترین خانینین هەڤچەرخ بو هاتینە ئاڤاکردن ئەڤجا ئەم ئەو خودانین ئەوان خانیین کەڤن داخوازێ ژ جهین بەرپرس و شولەژێ دکەین کو دویف چوونەکێ ژڤێ مەسەلی بکەن و چونکو دەروونێ هەر کەسەکی ب ڤی ڕەنگی نەیێ تەنایە دەما دبینیتن ئەوو جیرانێ ب پێکڤە بێت دەر ب دەربووی و ڕژێما عێراقێ ب ئێك چاڤ بەرێ خو ددا وانا و ل دەرڤەژێ ئێك چارەنڤیس هەبوو ل دەمێ ڤەگەریانێ ژی هەما هیچ نەبیت ژلایی وەرگرتنا خانییان ڤە وەکو ئێك بن چونکو ب ڕاستی ئەگەر مروڤی خانی نەبیتن ژیانا مروڤی هەمی یا نەخوشە، تەناهی و پێشکەفتنا هەر گوندەکێ پێشکەوفتن و تەناهییەکە و هەرێما کوردستانێ ب تەڤایی.

چاوەڕوانی

ئەمجەد ئەسعەد

چواردە ساڵ لەمەوبەرو لە هەڵمەتێکی زۆر فاشیانەدا، ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی دەسەڵاتدار بە هاوکاری تانك و زریپۆش و فڕۆکە و چەند جۆری تری چەك و تەقەمەنی هێرشی بەربڵاوی ئەنفالی بۆ سەر ناوچەکانی کوردستانی عێراق بەرپاکرد، بەرپاکردنی ئەم هێرشانە بە بیانووی ڕاوەدونانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو کە گوایە لە جەنگی ئێران - عێراقدا ڕۆڵی سلبییان بینیوەو خەنجەری ژەهراوییان لە پشتەوە لە ڕژێم وەشاندووە.

ئەم بیانووە تەنها لە لای ڕژێم و دارو دەستەکەیەوە جێگەی پەسەندکردن بوو ئەگینا هەموو لایەك بە ڕوونی ئەوەی دەزانی کە ئەم شاڵاوە درێژکراوەی تێکڕای شاڵاوە دوورودرێژو بەرنامە بۆ داڕێژراوەکانی ڕژێمە بۆ سڕینەوەی گەلی کورد لە سەر زێدی باب و باپیرانی.

جگە لەوەش ڕژێم بۆ پەردە پۆشکردنی ئەم کارەساتە گەورەیە سوودی زۆری لە ئایەتەکانی قورئان وەرگرتبوو بۆ شەرعیەتدان بە کوشتن و بڕین و دزینی ماڵی کورد وەك دەسکەوتی جەنگ "غەنیمە". ئەم کارەساتە گەورەیە تەنها کارەساتە لە مێژوودا کە مرۆڤایەتی لە بەرامبەریدا بێ دەنگە جگە لەوەش ئەو وڵاتانەی هەرێمایەتی کە هاوسنوورن لەگەڵ عێراقدا لە ئاست ئەم کارەساتە بێ دەنگی لە ڕادەبەدەریان نواند ئەمە لە کاتێکدا بوو کە شەپۆلی نەوت و بەرژەوەندییەکان لاپەڕەکانی ڕێزگرتنیان لە مافی مرۆڤ لە ژێرەوە دانابوو بەڵام کارەساتەکانی تری وەك : کارەساتی هەڵۆ کوشتن " قڕکردنی جولەکەکان لە لایەن سوپای نازییەوە" بە سەرکردایەتی هیتللەری دیکتاتۆر جیهانی هەژاند بوو بە مانشێتی سەرجەم ڕۆژنامەو گۆڤارەکان و میدیاکانی جیهان و تا کار گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە ئەڵمانیا بە ڕەسمی داوای لێبورن لەگەڵ ئیسرائیل بکات و قەرەبووی زیانەکانیان بۆ بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە ساڵانە لەو یادەدا تاجە گوڵینە لە سەر مەزاری گۆڕی بە کۆمەڵیان دادەنرێت و جەخت لەسەر دووبارە نەبوونەوەی دەکەنەوە. کارەساتی گەورەی تر کە لە جیهاندا ڕووی دابێت مەسەلەی وەشاندنی بۆمبی ناوکی بوو لە خەڵکی سڤیل و بێ دیفاعی هێرۆشیماو ناکازاکی کە تێیدا ژمارەیەکی بێ شمار لە خەڵك تیداچوونە قوربانی و یابان ناچار کرا کە چۆك بۆ ئەمریکا دابنەوێنێت، ئەم کارەساتە جەرگ بڕە ساڵانە یادی دەکرێتەوە و بە هەزاران کەس لە شارە جیا جیاکانی یابانەوە ڕوو لەو ناوچەیە دەکەن بۆ بەشداری کردن لە مەراسیمی ماتەمینی کەس و کاریاندا، ئەم کارەساتە برینێکی قووڵی لە جەستەی گەلی یاباندا بەجێ هێشت و ساڵانە لەو یادەدا جەخت لەسەر ترسناکی بەکارهێنانی چەکی ناوکی دەکەنەوەو داوا لە جیهان دەکەن کە ئەمبارەکانیان لە چەکی ناوکی خاڵی بکەنەوە.

- قەتل و عامکردنی خەڵکی بۆسنەوهێرسك بە موسڵمان و ناموسڵمانەوە لە لایەن هێزەکانی سربیاوە بە سەرکردایەتی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ ڕای گشتی جیهانی وروژاند و هەریەکە لە وڵاتانی ناو پەیمانی ناتۆ، وڵاتە عەرەبیەکان پشتگیرییان لە هەڵمەتێکی سەربازی کرد بۆ لەناوبردنی سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ و هەڵسوڕێنەرانی ئەو کوشتارو سڕینەوەی جیل لە دوای جیلەی ئەلبان و موسوڵمانەکانی کۆسۆڤۆ و ئەلبانی نەژادەکان، ئەمڕۆ بە بەرچاوی جیهانەوە دوای لێدانی بەلگراد و بێ هێزکردنی هێزەکانی سربیا دەبینرێت کە چۆن سلوبۆدان میلۆسۆڤیچ ڕاپێچی دادگای نێو دەوڵەتی کراوە لە لاهای و بەرپرسیاریەتی یەکەمیان لە ئەستۆی ئەو داناوە.

- کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی نەفەر هەڵگری بەریتانی لە ئاسمانی لۆکەربی لە ساڵی 1988 بووە جێگەی مشت و مڕی ناوەندە دەسەڵاتدارەکانی بەریتانیا بۆ گەڕان بە دوای ئەنجامدەرانیدا، دوای بەرنامەیەکی چڕو پڕو تێروتەسەل توانیان تاوانباران و ئەنجامدەرانی ئەو ڕووداوە دەست نیشان بکەن و فشاری ئابووری و سەربازی و تەنانەت لە هەموو بوارەکاندا بخەنە سەر لیبیا بۆ تەسلیم کردنیان و دادگایی کردنیان ئێستا ئەو دووتاوانبارە دوای دانپێنانیان ڕەوانەی دادگای لاهای نێو دەوڵەتی کراون و بەمەبەستی وەرگرتنی مافی خۆیان لە سێدارە بێت یاخود زیندانی هەتا هەتایێ یاخود جۆرێکی تر لە سزا.

- داگیرکردنی کوێت لە لایەن هێزەکانی عێراقەوەو ناونانی کوێت بە پارێزگای نۆزدەهەم زۆری نەخایاند و پشتیوانێکی نێو دەوڵەتی دروست بوو بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ وەدەرنانی عێراق لە خاکی کوێت دوا بە دوای جەنگی گەرەدەلولی بیابان و لووت شکاندنی هێزەکانی عێراق لە شەڕی "دایکی شەڕەکاندا" ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی توانییان خاکی کوێت ڕزگار بکەن و ئاسایش بۆ ئەو وڵاتە بگەڕێننەوە کە ڕەنگە تا ئێستا ئاسایشێکی ڕێژەیی بێت بە نیسبەت گەلی کوێتەوە تا سەدام و داروودەستەکەی مابێت، جگە لە کێشەی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی خەڵکی کوێت کە لەو جەنگەدا تووشیان هاتووە ئێستا و بە بەردەوامی دەسەڵاتدارانی کوێت داوا لە کۆمەڵگای عەرەبی و نێو دەوڵەتی دەکەن کە فشار بخەنە سەر عێراق بۆ دیاریکردنی ئەو (600) کەسە بێ سەرو شوێنەی کە ڕەنگە تا ئێستا لە زیندانەکانی عێراقدا بن.

- چەوساندنەوەو ڕەشەکوژی خەڵکی تەیموری خۆرهەڵات لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەندەنوسیاوە نەتەوە یەکگرتووەکانی پەل کێش کرد ئەو هەرێمە بە ڕەسمی بناسێت و لە ڕیفراندۆمێکی گشتیدا بە چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان توانرا چارەنووسیان لە چارەنووسی ئەندەنوسیەکان جیا بکرێتەوەو بە تێکڕای مافەکانیان شادیان بکەن.

- قەتل و عامکردنی ئەرمەنیەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە کە کاتێکی زۆری بەسەردا تێپەڕیوە کەچی دەزگای مافی مرۆڤی ئەمریکا ساڵانە دەرگای کۆڵمدراوی ئەو کارەساتە دەخاتە سەر پشت و چەندین لێکۆڵینەوەی لە سەر نمایش دەکرێت تا فشارەکانی خۆی بۆ سەر تورکیا زیاتر بکات و تورکیا هەمیشە وەك جێبەجێ کەری ئامانجەکانی بهێڵێتەوە.

ئەم ڕووداوانە کە لە مێژووی نزیکی مرۆڤایەتیدا ڕویانداوە هەریەك بە پێی قەبارەی خۆی ڕای گشتی جیهانی وروژاندووە و ڕێ و شوێنی شیاوی بۆ وەرگیراوە و لە مەڵەفی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جێگای بۆ دیاری کراوە و بڕیاری لە سەروەرگیراوە.

کەچی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ کە بە سەردەمی جیهانگیری و مافی مرۆڤ و دیموکراتیەت ناو دەبرێت و کەناڵەکانی گەیاندن جیهانیان کردووەتە خانوویەکی بچووك کارەساتی ئەنفال بێ دەنگی لە ئاستدا دەنوێنرێت و تەنانەت هیچ وڵاتێك تا ئێستا بە موسڵمانەکانی دراوسێمانەوە کە ئاگاداری ڕاستەوخۆی ئەو کارەساتەبوون نوزەیان لێوە نایەت ئەمە لە کاتێکدا کە دیبلۆماسیەتی کورد توانیویەتی بەڵگەو دیکۆمێنتی واقعی لەسەر ئەو کارەساتە و تێکڕای ڕووداوەکانی تری کوردستان پێشکەش بە (UN) و وڵاتان بکات.

کەچی وا چواردە ساڵە هیچ دەنگێك نەبیسترا، هیچ هاوکارێك هەست پێ نەکرا لە دۆزینەوەی چارەنووسی ئەنفال و بێ سەرو شوێنەکانی تر، هیچ فشارێکمان نەدی بخرێتە سەر دیکتاتۆری بەغدا بۆ ئاشکراکردنی شوێن و سەلامەتییان.

* چاوەڕوانی بریتییە لەو پەیکەرەی کە هێمایەکە بۆ کارەساتی بەدناوی ئەنفال کە لە سەر ئەرکی هاوڕێی حزبمان لە دوورە وڵات (جوتیار عەبدولقادر حەمەلاو) دروستکراوە و حزبی شیوعی کوردستان، کۆمیتەی قەزای دەربەندیخان سەرپەرشتی و هاوکاری کردووە هەتاوەکو بە ئەنجام گەیەنراوە. شایەنی باسە ئەم پەیکەرە لە 10/12/2001دا لە یادی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤداو لە دەربەندیخان بە ئامادەبوونی هاوڕێ ئەبو کاروان ئەندامی سەرکردایەتی حزبی شیوعی کوردستان و مامۆستا بەهائەدین نوری سکرتێری بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان و نوێنەری حزب و ڕێکخراوەکان و جەماوەرێکی بەرچاو پەردە لەسەر پەیکەرەکە لادرا. لە وتارێکدا لە لایەن هاوڕێ گۆران بەرپرسی کۆمیتەی قەزای دەربەندیخان باسی لە کارەساتی بەدناوی ئەنفال کرد و ئاماژەی بۆ دروستکردنی پەیکەرەکە کرد لە لایەن هاوڕێ جوتیارو سەرپەرشتی کردنی لە لایەن کۆمیتەی قەزای دەربەندیخانی حزبمانەوە و هیوای خواست کە لاوانی دیکەی شارەکەمان و کوردستان هەستن بە ئەنجامدانی پرۆژەی لەو جۆرە، هەروەها سوپاسی مامۆستا بەیان مانی کرد کە بە ئەرکی دروست کردنی پەیکەرەکە هەستاوە لە کۆتاییدا داوای کرد کە بە جددی کاربکرێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان دادگایی کردنی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و بەرزڕاگرتنی ئەو یادە لە کوردستاندا دوای ئەوە مامۆستا بەیان مانی باسی لە دروستکردنی پەیکەرەکە کرد و ئاماژەی بەوەکرد کە چاوەڕوانی ئافرەتێکە، دایکێکە، خوشکێکە لە چاوەڕوانی سەرهەڵدانی کەس و کارەکەی دایە.

ئەنفال پەلەیەکی ڕەشە بەنیو چەوانی بەعسەوە

بۆ بەرژەوەندی کێ ئەو کەسانەی یارمەتیی سەدامیان دا بۆ دروست کردنو بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی بۆیان پەردەپۆش بکرێت؟

***عەباس ڕۆستەم/ لەندەن**

بۆ ڕەتکردنەوەی هەندێك لەو بیرانەی لەو کۆڕەی لە هۆڵی برۆنای گەلەری لە زانکۆی سواس لە لەندەن لە 15ی ئادار بەسترا و لەلایەن کۆمەڵەی زانستی و پزیشکی کوردییەوە لە بەریتانیا ڕێکخراو بۆ تەواوکردنی ئەو (موداخەلەیە)ی کە کەسێتی کوردی نیشتمانپەروەر د.مەحمود عەلی عوسمان پێشکەشی کرد و تێیدا ئاماژەی بە پەردە لەسەر لانەدانی ئەو چەند تۆنە بەڵگەنامەو دیکۆمێنتانە کرد کە لەبەر دەستی لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئەمریکان ئینجا ئەو لایەنانە چ حکومەتی بن، یان ئیدیکە، مەبەست لەوە ئەوەیە کە دەترسێن لەوەی ئەگەر ئەم دەست و ئەو دەست بکات و پەردەی لەسەر لابچێت و ئاشکرا بکرێت، ئەوا لە ئەنجامدا نەك تەنیا دەبێتە هۆی مەحکووم کردنی (صەدام) و ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی، بەڵکو دەبێتە هۆی ئابڕوو بردن و ڕیسواکردن و ئاشکرا کردنی ئەوانەی کە یارمەتییان داوە بۆ دروست کردن و بەرهەم هێنانی چەکی کیمیاوی و پێکهێنەرەکانیان خستە بەردەستی و کاتێکیش لە لێدانی کەرتە سەربازییەکانی ئێران کە هێرشیان دەکردە سەر سوپا پەراگەندە بەزیوەکەی و بۆ لێدانی دانیشتوانی بێ دیفاعی شاری هەڵەبجە و گوندەکانی دەوروپشتی و گوندەکانی دیکەی کوردستانی بەکاری هێنا، بۆیان پۆشی و لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی خۆیان و لەسەر زمانی بەرپرسەکانیان ڕایان گەیاند کە سوپای ئێران لە بەکارهێنانی ئەم چەکەدا بەرپرسە و لە کاتی خۆیدا ڕژێمی فاشیستی ڕەگەزپەرستی عێراقیان لەو تاوانە بەری کرد.

هەر بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە لە ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواو هۆڵی پەرلەمانەکانی و تەنانەت لە هەندێ دادگایدا لە مەحکوم کردنی بەڵگەداری هەندێ کۆمپانیا و لایەنی حکومەت و موخابەراتی ئەڵمانی کە یارمەتی مەشق پێکردنی یەکە کۆماندۆسەکانی عێراقیان داوەو ڕژێمی دیکتاتۆرییان بە پێکهاتەی چەکی کیمیای بۆ دروستکردنی ئەو چەکانەش یارمەتی داوە، لەوانەش دامەزراوی موخابەراتی ئەڵمانی BND و GSG9 و بە پاڵپشتی و یارمەتیی کۆمپانیای (دایلمز بنز مرسیدس) و (فولکس واگن) و بانکی حکومەتی (هێرمس) و مەڵبەندی توێژینەوەی سەربازانی (کارتسایز، MBB ، -دیکۆسا) لە هانۆڤەرو (کیلدمایستەر) شان بەشانی کۆمپانیاکانی دیکەی ئەڵمان کە چەك و تفاق و پێکهێنەری چەکی کیمیاوی دروست دەکەن، وەك کۆمپانیای Kolb ،Karl ی ئەڵمانیایی کە ژووری تایبەتی بە تاقیکردنەوەی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی لەسەر ئادەمیزاد لە چەند بەشێکی عێراق، دروست کرد و سەدام لەسەر قوربانی و دیلەکانی ئەنفال و ڕاپەڕین و خەڵکی دیکە بەکاری هێنا و تاقیی کردەوە.

هەروەها ئاماژە بۆ ئەو دیدارە کرا کە لەکاتی خۆیدا لەگەڵ (ریچارد باتلەر)ی سەرۆکی لیژنەی پشکنینی چەکی بە کۆمەڵکوژ لە عێراقدا کراو لە ڕۆژنامەی (دێرشپیگل)ی ئەڵمانیایی بڵاوکرایەوە تێیدا گوتی: بە پشت بەستن بەو زانیارییانەی بە لیژنەکە گەیشتوون ساغ بۆتەوە کە لەسەرجەمی (25) کۆمپانیا ئەوانەی یاریدەی صدامیان داوە بۆ دروست کردنی ئەو چەکانەو تەیار کردنی بە پێکهێنەرەکانی، لەوانە (17)یان ئەڵمانیایی بوون.

لە بەرواری 14/1/2000 حزبی سۆشیال دیموکراتی ئەڵمانی PDS ، نامەیەکی پێشکەش بە پەرلەمان و حکومەت کردووە و داوای لە حکومەتی ئەڵمان کردووە کە قەرەبووی زیانە گیانی موڵك و ماڵی دانیشتوانی شاری هەڵەبجەو دەوروپشتی لە ئەنجامی بۆمبارانی کیمیایی بکاتەوە. دوای ئەو هەموو بەڵگەو نیشانانە دەپرسین: بۆ بەرژەوەندی کێ ئەم هەموو ڕاستییانە دەشاردرینەوە دەیانخەنە ملی لایەنیکی دیکەوە، لەگەڵ ئەوەی کە هەموو لایەنەکان پێکەوە لە ئۆردوگای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژانی جەنگی سارد ئینجا چ سەرمایەداری بن یان سۆشیالیزم، ئەوانە پیشبڕکێیان دەکرد بۆ یارمەتیدانی سەدام و پشتگیریکردنی ڕژێمە دیکتاتۆرییەکەی و توانای ئەوەیان پی بەخشی کە کەش و هەوای جەنگی سارد بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربینێ بۆ چەسپاندنی حوکمە دیکتاتۆرییەکەی و دەست پیکردنی جەنگە دوژمنکارانەکەی بۆ سەر ئیرانی دراوسێ و گەلی کوردمان کە داوای مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی خۆی دەکرد و بۆ سەر هیزە پیشکەوتنخوازو دیموکرات و هیزە ئیسلامییەکان لە عیراق بۆ سەر دەوڵەتانی دراوسێ.

*ئەندامی هەڵمەت لە پیناوی هەڵەبجە و ئەنفال